# جەنگی بۆرجوازیەت و دژایەتیمان بۆی

ئەمڕۆ بۆرجوازیەتی جیهانی لە قەیرانێکی گەورەدا ئەژی، تەنگوچەلەمەکانیشی لەوەدایە کە نەك هەر ناتوانێت پڕۆلیتاری بۆتەوە و زەنگی تێکشکاندنی ئاسایشە کۆمەلآیەتی یەکەی بەگوێدا دەدرێت و دووپاتی یەکێتی چینایەتی پڕۆلیتاریای لە پێناودا دەکرێتەوە. بۆ بەرپەرچدانەنەوەی ئەم بارە نالەبارە، بۆرجوازیەکان بەناچاری پەنا بۆ لەناوبردنی بەکۆمەلی پڕۆلیتاریەکان و تێکشکاندنی ئەو دووپات کردنەوەیەی بۆ یەکێتی یە چینایەتی بەسادەیی و لەڕێگای زیاتر چەوساندنەوەوە پڕۆلیتاریا بەکاربهێنێت، بەلکو لەزۆر شوێنی جیهاندا ڕووبەڕوی جموجول و بەرپەرچدانەوەی یەکەی دەبەن، لە پێشبڕکێ نەتەوەیی و دینی و دیموکراسی و جەنگەکانیاندا.

ئەم پەلامارەی بۆرجوازیەتی جیهانی بۆ فەوتاندنی پڕۆلیتاریەکان و تێکشکاندنی یەکێتی یە جیهانیەکەی لە قەسابخانەکانی "عێراق ـ ئێران" ، " هاوپەیمانەکان ـ عێراق" ، ڕواندا ، سۆمال، ئەفغانستان، یۆگۆسلافیا ، ڕوسیا ، جەزائیر، فەلەستین، تورکیا ، کوردستان. . . دا ، وە لەسەر لاشە کەلەکە بووەکانی پڕۆلیتاریەکان بەرجەستەبووە. وە هەموو قەسابخانەیەکیش لەو قەسابخانانە دڕندەیی سەرمایەو بەردەوام بوونی قەسابخانەیەکی بەرفراوانتری دوای خۆی نیشان داوین، وە ئەوە شی دووپات کردۆتەوە کە چۆن فەوتاندنی بەکۆمەلی پڕۆلیتاریەکان پێ پلیکانەی دیمۆکراسیەتە، بۆ بنیات نانی قەوارەی نەتەوەیی و دنیای شارستانی.

لەکوردستاندا ، تەنگوچەلەمەی گرانی، باری مەمرە و مەژی، بێخانەو لانەیی، نەخۆشی و ژاراوی بوون. . . بۆ پڕۆلیتاریەکان، وە کەلەکەکردنی سەرمایە و بنیات نانی دام و دەزگاکانی حکومەت( سوپا و ڕێکخستن و پۆلیس و قانون. . ) بۆ بۆرژواکان، وە دژایەتی پڕۆلیتاریی بۆ ئەو شالآوەی بۆرژواکان و مل نەدان بۆ پێویستەکانی، سەرچاوەی قەیرانەکە و شەڕ و شۆڕی هێزە بۆرژوازیەکانە تیای دا.

دەست کورتی کرێکاران لە دابین کردنی مەمرەو مەژی ژیانیان دا ، وە زیادبوونی بەرفراوانی گرانی وبێ لانەیی و بلآوبوونەوەی نەخۆشی لەلایەك، وە کەلەکەکردنی سەرمایە لەلایەن "پارتی" و "یەکێتی" و "ئیسلامی یەکان" ، وە بنیات نانی دام و دەزگاکانی سەربازی و جاسوسی و ڕێکخستن و سەرف کردنی بە لێشاوی پارەو پوول تیایاندا( چەندین جار کاول کردنی بارەگاکانیان لە شەڕدا و دووبارە بنیات نانەوەیان، کڕینی چەك و. . . ) ، وە بنیات نانەوەی کەلاوەکانی نیشتمان ( مزگەوت و کەنیسەکان و . . . ) بە هاوکاری ڕێکخراوە جیهانیەکان، وە هەروەها خستنە ئیشی کرێکاران بە پێ ی ئەو ئاگاداریانەی کە ڕێکخستنەکانی هێزەکانی ناو پارلەمان ئەیدات، وە بێ کارکردن و برسی کردن و ڕاونانی ڕۆژانەی بەشێکی زۆر لەو کرێکارانەی کە لەسەر شەقامەکان ئیش ئەکەن،هەر لە پالیا ئاوارەکردنی ئەو نیشتە جێ یانەی کە شوێنە حکومی یەکانیان داگیر کردووە لە ناوچەکانی "سلێمانی و هەولێر و دهۆك" دا ، وە پال پێوەنانیان بۆ بارێکی وا کە تیای دا ڕازی بن بەوەی بچنە ڕیزی پۆلیس و سوپاوە( لیواتایبەتەکان، کۆماندۆ، هێزەچەکدارەکانی تر. . ) لەلایەکی ترەوە ، وە بەرپەرچی ئەوبارەش، واتە دەستەمۆ نەبوونی پڕۆلیتاریەکان بۆ ئەو هەموو شالآوانەی بۆرجوازیەت ، وە بێ توانایی بۆرژواکان لە بردنە پێشەوەی هێزەکانیان لەو بارە قەیراناویەدا بە ڕوونی دیارە ، وە لەلایەن سەرانی حیزبە ناسیونالیست و دینی یەکانەوە دانی پیادا نراوە ، وە هەر یەکێکیشیان هەولی داوە بە شێوەیەکی هەلخەلەتێنەرانە خۆی لێ دەرباز بکات و پێشبڕکێ کەرەکەی پێ تاوان بار بکات،وە لەو ڕێگەیەوە بارێکی شەرعی بۆ کردەوەکانیان دابین بکەن.

بە پێچەوانەی ئەو هەولە دڕندە و هەلخەلێنەرانەی هێزە بۆرژوازیەکانەوە ، وە سەرەڕای ئەو هەموو هەولەیان لە برسی کردن و تۆقاندن و تیرۆر کردنی پڕۆلیتاریەکاندا ، فاکتەری سەرەکی لاوازی بۆرجوازیەت لە ناوچەکەدا بریتی یە لە مل کەچ نەبوون و قوربانی نەدانی پڕۆلیتایەکان بۆ پڕکردنەوەی پێویستی یەکانی بۆرجوازیەت، کە بریتین لە : ئیش کردنی کرێکاران بە نانەسکی

و کەمتریش لەوە، دەست بەردار بوونی پڕۆلیتاریەکان لە یەکێتی یە چینایەتیەکەیان، سەرشۆڕبوونیان بۆ پێشبڕکێی حیزبەکان، چوونە ڕیزی سوپا و پۆلیس و بوون بە جاسوس بەسەر یەکتری یەوە، خۆ بەکوشت دان لە شەڕەکانیاندا، چوون بۆ ڕیزی هەلبژاردن و پارلەمان و ڕازی بوون بە زمانی دیموکراسیەت، بەرگری کردن لە کیانی نەتەوەیی و سەروەریێتی نیشتمان...لە پێناو دەربازبوون لەو قەیرانە و جیێگیرکردنی باری سەرمایە و فۆرمی حکومەتەکەی لە ناوچەکەدا. ئەم بێ هێزیەی بۆرجوازیەتیش بە ئاشکرا ئەبینرێت لە باری دام و دەزگاکانی دا، لە هەولەکانی دا بۆ گشتی کردنەوەی باری چەوساندنەوە و نیزام لەشارو لادێکاندا، لە بار قورسی پێکهێنانی سوپا و پۆلیس دا، لە پشت کردنی کرێکاران( تەنانەت ساردوو سڕی ئەوانەشی قاچێکیان لە ناو ئەواندایە) بۆ شەرەکانیان...

لێرەدا، هێزە بۆرجوازیەکان، بۆ دەربازبوون لەو تەنگوچەلەمانە بەناچاری پەنا بۆ ڕێگایەکی بەکار ئەبەن، ئەویش گشتی کردنەوەی زیاتر و زیاتری شەڕەکانیان و خستنەکاری چی لە توانایاندایە بۆ کوشتاری بە کۆمەلی پڕۆلیتاریەکان، وە دەمکوت کردنی ئەوانەشیان کە بەر ئەو کوشتارە ناکەون، ئینجا خستنەکاری ئەو توانای جەنگ و دەمکوت کردنە بەرامبەر بە هەر جمووجول و یاخی بوونێك کە ڕوویان تێ بکات( بۆ ڕاستی ئەمەش تەنیا ئەوە بەسە بزانین کە هەر کام لەو هێزانە چ بڕیارێکی تیرۆریستانەیان پێ یە بەرامبەر بە هەر چالاکی یەکی پڕۆلیتاری کە بێتە سەر ڕوو لە سنوری کۆنترۆلیاندا). بەم شێوەیەش لەسەر هێلێکی چینایەتی و لە چوارچێوەیەکی گشتی دا پێویستی یەکانیان دەبەنە پێشەوە و زال بوون بەدەست دێنن بەسەر پڕۆلیتاریادا. دەبن بە خاوەنی نیزام، یاسا، سوپا.. واتە زەمینە و چوارچێوەی کۆیلەکردن و گوشینی پڕۆلیتاریا و دەستخستنی سەرمایە. هیچ گرنگیش نی یە کام لەم حیزبانە براوە و کامیشیان دۆڕاون، کامیان بۆتە هێزی سەرەکی و خاوەنی ئەو هێل و چوارچێوەیە لە دەسەلآت و کامیشیان بۆتە تەواوکەری!

جەنگی نێوان یەکێتی و پارتی ( وەکو جەنگی عێراق ـ ئێران، ڕوسیا ـ چیچان، بەرەی ڕزگاری جەزائیر ـ ئیسلامیەکان...) جەنگی فەوتاندنی بە کۆمەلمان و تێشکاندنی یەکێتی چینایەتیمان و خۆ سازدانی نیزامی بۆرژواکانە لەسەریەوە. بۆ باشتر کۆنترۆل کردنی بەکارهێنانی ئەوەی کە ماوە، لەسەر دەستی ئەو هێزانەدا کە سەرکەوتنی باش بەدەست دێنن لەو فەوتاندن و تێشکاندنەماندا و لە کۆکردنەوەی سەرئەنجامەکانیشی دا. هەموو شالآوە "کۆنەپەرستی" و "بێ گانەپەرستی"و "نیشتمان پەروەری" و سۆشیال ـ دیمۆکراسی"یەکانیشیان لەو جەنگەدا، بریتی یە لە هێزی چینایەتیان بۆ فریەدانی زیاتری پڕۆلیتاریەکان و کردنیان بە قوربانی مەرامەکانیان. بۆ ئەوەیە کە حەقیقەتی دژ بە پڕۆلیتاری جەنگەکەیان بشارنەوە ، ئەوەش حەشار بدەن کە هەموویان بۆرجوازین، سەرکوت کەرن، دوژمنن، وە لە پێناوی بەکارهێنانماندا، زیندانی کردنماندا، فەوتاندنماندا.. هەن و هیچی تر.

یەکێتی هەول ئەدات کە لە کوشتارکاریەکانی ناوچەکانی " پشدەر، شارەزوور، هەولێر، حاجی هۆمەران.." دا و لەسەر لاشەی کوژراوەکان و پەك کەوتەیی بریندارەکان.. " نیاز گلآوی پارتی" و " دلسۆزی خۆیان" بۆ " جەماوەری چەوساوە " نیشان بدات، وە پارتیش بەهەمان شێوە هەول ئەدات کە " عەسکەرتاریەتی یەکێتی" و " باوەڕبوونی خۆی بە ئاشتی و هەلبژاردن و کۆنگرەی نیشتمانی" بخاتەڕوو، وە ناوبژیوانەکانیش، لە حکومەت و گروپە ئاشتی خواز و مرۆڤ دۆستەکان، لەسەر هەمان نمایش هەول ئەدەن بمان بەن بەرەو " نەفرەت لەشەڕ" و "بژی ئاشتی"، بەهەمووشیان بەروبوومی جێمی یەکەم لەو جەنگەی هەلخەلەتاندن و بەکوشتدان و ڕاهێنانی پڕۆلیتاریەکان کۆدەکەنەوە و لەسەر مێزی ڕاوێژ دابەش و ڕێکی دەکەن و خۆیان بۆ جێمەکانی تری ئامادەدەکەن. بەم شێوەیە و لە هێلێکی پان و بەریندا کۆنترۆلە چینایەتیەکەیان دژی پڕۆلیتاریا دەبەنە پێشەوە و جێگۆڕکێش لە ڕیزەکانی خۆیاندا دەکەن.

گروپە ماف پەروەر و ئاشتی خوازەکان، پارلەمانتارانی مانگرتو وە ڕۆشنبیر و نووسەرانی ناڕەزا بەشەڕ. . . هێزێکی بۆرژوازین و کۆشش دەکەن دژمان لەسەر هەمان بنەمای دەستەمۆ کردنمان بۆ پێویستیەکانی دەسەلآتی سەرمایە. ئەمانە هەول ئەدەن کە تورەی یەکەمان، یاخی بوونەکەمان، کۆششەکانمان دژ بەو جەنگەی فەوتاندنمان، خۆی بکات بە " ئاوی ئاشتی"دا، وە لەوێ وە ئەو پەرت پەرت بوون و داتەکاندن و خۆبەدەستەوەدان و دەستەمۆبوون و تێشکانە لە پێناو پێویستیەکانی دەسەلآتی سەرمایەدا وەرگرێت، کە بەرێگاکانی تر نەکراوە بێتەدی. ئەمانە، لەترس و دلەڕاوکێ یاندا لە قول بوونەوەی زیاتری بارە قەیراناویەکە، وە بێ بڕواییان بە هێزی لایەنە شەڕکەرەکان لە بەرگرتن بەو قول بوونەوەیە، وە لە پاراستنی ڕژێم( واتە لە چەوساندنەوە و دژایەتی کردنمان دا)،وە زۆربەی کاتیش بە چالآکی و لەسەر داوای " هێزە شەڕ کەرەکان"خۆیان، خەریکی ناوێژی وانی و ناڕەزایی دەربڕین و یەخەدادڕین و خۆسوتاندنن، بۆ هێشتنەوەی مل ملانێکان لە سنووری توانا و بەرژەوەندیەکانی بۆرجوازیەتدا. بۆ قۆستنەوەی توڕەیی و دژایەتیەکەمان، برسێتی و بێزاریەکەمان و تێکەل کردنی بە وەسیلە بۆرجوازیەکان و ئاراستەدانی بەرەو ئەوەی کە " ئەم شەڕە، شەڕێکی گلاوە"، " نامۆیە بە دیمۆکراسیەت"، " دژە بە مافی مرۆڤ"، " پیلانی دوژمنانی ئازادی گەل و نەتەوەیە"و. . .هتد. لەم ڕێگەیەوە و بۆ هەمان مەبەستی چینایەتی یان هەولی دەستەمۆکردن و بەکارهێنانی ئەو توانەیەمان دەدەن کە "شەڕەنگێزەکان" نەیان توانیوە کۆنترۆلی کەن. دەکەونە داڕشتنی پیلانی دابەش کردنمان بەسەر لایەنگیری کردنی un، فلآن یان فیسار حیزب، پارلەمانتارانی مانگرتو، خوازیارانی ئاشتی و. . ، بەم شێوەیە هەل ئەسن بە تۆمارکردنی ئەم دەست لێ وەشاندن و شپرزە کردنەمان وەك ڕەسیدێکی هێز بۆ خۆیان( وەکو چۆن لاشە کەلەکە بووەکانی هاو چینایەتیەکانمان لەسەر ئەم لیست و ئەو لیست، ئەم بەرەو ئەو بەرە، تۆمار دەکەن)، وە دەبهاونە سەر ڕەسیدی چینایەتی بۆرژوازیەت، سەر هێزی جێگیرکردنی دەولەت.

ئاشتی خوازەکان هەول ئەدەن کە ئەو توانا پرۆلیتاریە دابەش و دابەش بکەنەوە کە خۆی پاراستووە لە قەسابخانەکانی " یەکێتی ـ پارتی ـ بەعس ـ ئیسلامیەکان"، وە دژایەتیان ئەکات و بەرپەرچی پلانی تێوەگلاندنیان و بردنە پێشەوەی مەرامەکانیان دەداتەوە: "سەروەریێتی یاسا و پارلەمان"، " پێشبڕکێی سیاسی ئازاد"، " هەلبژاردنی گشتی"، " بەرفراوان کردنی حکومەت"، "دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی". . .

بۆیە بەلآی ئێمەی پرۆلیتاریاوە، هەولی کاریگەر لە دژی " یەکێتی ـ پارتی ـ بەعس ـ ئیسلامیەکان"، لایەنگیری کردنی U

حیزبی شیوعی کوردستان" و " کۆمیتەی دژی شەڕ" و " بەرەی ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی"

و"نەتەوەیەکگرتووەکان"و"ئۆپۆزسیۆنی عێراق"و " پارلەمانتار و ڕۆشنبیرانی مانگرتوو"، وە کۆششی گروپە سۆشیال ـ دیموکراتەکانی تر نی یە، بەلکو خەباتی شۆرشگێرانەمانە دژ بە " نیشتمان پەروەر" و " بێگانە پەرست"، " کۆنەپەرست" و " پێشکەوتن خواز"، "ئاشتی خواز" و " پێشبڕکێی ئازاد" و هەموو دام و دەزگاو ڕێگاکانی ئەو چینە دوژمنە.

ئامانجی هەموو بۆرژواکان بریتی یە لە :

- مل کەچکردنی پرۆلتاریەکان بۆ قوربانیەکانی سەرمایە.
- فەوتاندنی پرۆلیتاریەکان لە جەنگەکانیاندا.
- تێشکاندنی هەموو بوونێکی سەربەخۆی پرۆلیتاریا.
- ڕێکخستنی حکومەت( ڕێکخراوەکانی، سوپا، پۆلیس، مزگەوت، پارلەمان و هەموو دام و دەزگاکانی تری دەولەت)،و بنیات نانەوەی کەلاوەکانی نیشتمان.

– کردنی زمانی دیموکراسیەت، مافی مرۆڤ، دین، بە زمانی کرێکاران و مۆل دانیان لە کارگە و مزگەوت و دەزگاکانی رێکخستن و ریزەکانی هەلبژاردندا و لە ژێر سێبەری ئالآ رەنگاورەنگەکانی پێشبرکێ دا.
رێرەو و ئامانجەکانی پرۆلیتاریا :

– هاوجووت کردنی هێز و گروپە بۆرجوازیەکان بەیەکتری و بە ناوەرۆکی فەوتێنەرانەی سەرمایە دژمان.
– پاراستنی تورەبی و دژایەتیەکەمان لە تێوەگلاندن لە پلانەکانی بۆرجوازیەت و لە تێکەل کردن بە مەرامەبۆرجوازیەکان، وە ئاراستەدانی ئەو توانا سەربەخۆیەمان رووە و بەرفراوانکردنی بزووتنەوەکەمان دژ بە قوربانیەکانی سەرمایە.

– رێکخستنی کۆششە شۆرشگێریەکەمان لە خانە پرۆلیتاریەکانماندا لە هەموو لایەکەوە، وە گرێ دانیان بەیەکەوە بە شێوەیەکی سەرانسەری دژ بە بەرفراوانکردنی شالآوی شەر ـ ئاشتی، ئاشتی ـ شەر ی هێزە بۆرژوازیەکان، کە هیچ سنوریان نی یە لە بەرپەرچدانەوەماندا.
– بەرپەرچدانەوەی هەولە هەل خەلەتێنەرە" ریفۆرمیستی و ئیداریەکان" ، کە تێکۆشەرەکانی ئەولایەنە لەو رێگەیەوە هەولی پر کردنەوەی کەلەبەر و کەم و کورییەکانی حوکمی بۆرجوازی ئەدەن، بە" توانای کرێکاری" و لە ژێر ئالآی " توانای بەشداری کردنی کرێکاران لە حوکم دا" و " لە رێگەی شوراکان" یانەوە. چونکە ئەم "تێکۆشەرە کرێکاریانە" لەم رێگەیەوە هیچ ئەنجام نادەن جگە لە خزمەتکردێکی دیموکراسی خوازانەی پێویستی یەکانی دەسەلآتی چینایەتی سەرمایە نەبێت، بە ملکەچکردن و بە هاوولآتی کردنی پرۆلیتاریەکان و داتەکاندنیان لە چالاکیەشۆرشگێرانەکەیان و بەرژەوەندیە چینایەتیەکەیان، وە بردنیان بەرەو دەستەمۆبوون بۆ دیموکراسیەت و قوربانی دان بۆی، بە رێگەی " پێشبرکێی سیاسی ئازاد" بۆ هەموو حیزب و کەس و هێزە سیایەکان، بەدەست هێنانی بازاری سیاسی ئازاد!
– بەرپەرچدانەوەی هەولەکانی " تازە کردنەوەی پارلەمان" ، " پتەوکردنی بەرەی نیشتمانی" ، " خولی نوێی هەلبژاردن" ، بەرفراوان کردنی رۆلی ئیسلامیەکان و "ئۆپۆزسیۆنی عیراقی"و پتەوکردنی رۆلی "نەتەوویەکگرتووەکان" لە کوردستاندا . . کە ئاشتی خواز و ماف پەروەرەکان هەول ئەدەن وەك دەسکەوتێکی گرنگی خەباتی بێ ووچانیان پێمان بناسێنن و وەك بوارێکی سەپاو بەسەر " شەر فرۆشان" و " پێ شێل کەرانی مافی مرۆڤ"دا، وە بۆ بە بەرژەوەندی گشتی راپێچمان کەن بۆی.
کە بەو پلانە مەبەستیانە کوشتاری شەرەکان و مێژووی دژ بە پرۆلیتاری پارلەمانی کوردی و ئیسلامیەکانمان لە بیر ببەنەوە و سپی لە ئاشتی و تەبایی نیشتمانی و دیموکراسیەتمان بخەنە بەردەم، بۆ سەرلەنوێ پرکردنەوەی بە لاشە کەلەکە لاپەرەیەکی بووەکانی چینەکەمان.
– بەهێز و بەرفراوان کردنی یەکێتی یە جیهانیەکەمان رووە و شۆرشە کۆمەلآیەتیەکەی.

با مەلبەندی رێکخستن و لقەکان، دام و دەزگا پارلەمانی و کۆرە دیموکراسیەکان،
زیندان و مزگەوت و بانکەکان. . بکەینە گۆرستانی گشت هێزە بۆرژوازیەکان.
بروخێ جەنگی بۆرجوازی، کە جەنگی فەوتاندنمانە.
بروخێ ئاشتی و تەبایی نیشتمانی، کە هێزی مل کەچ کردنمانە.
بژی یەکێتی ئەنتەرناسیونالیستی پرۆلیتاریا ، کە تاکە زامنی سەرکەوتنی شۆرشی کۆمۆنیستی یە.

کانوونی دووەمی 1995 گروپی کۆمۆنیستی ئەنتەرناسیونالیست

BP 54, 1060 BRUSSELS 31, BELGIUM